# ڕاستگۆ بوون، ئەوان سزا دەدرێن بە سزایەک هەموو ئاژەڵەکان گوێیان لێدەبێت

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دوو ئافرەتی پیری جولەکە لە جولەکە پیرەکانی مەدینە هاتن بۆ لام، وبە منیان ووت: ئەهلی گۆڕستانەکان لە گۆڕەکانیاندا سزا دەرێن، ومنیش بە درۆیانم خستەوە، بە باشم نەزانی بە ڕاستیان دابنێم، ودەرچوون، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات وپێیم ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، دوو پیر وباسەکەیانم بۆ گێڕایەوە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ڕاستگۆ بوون، ئەوان سزا دەدرێن بە سزایەک هەموو ئاژەڵەکان گوێیان لێدەبێت»، عائیشە دەڵێت: پاش ئەم ڕووداوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش هەموو نوێژێک پەنای بە خودا دەگرت لە سزای گۆڕ.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دوو ئافرەتی پیر لە جولەکەکانی مەدینە هاتن بۆ لای عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-، وپێیان ووت: مردووەکان لە ناو گۆڕەکانیاندا سزا دەدرێن، وعائیشە بە درۆیانی خستەوە وپێی باش نەبوو قسەکانیان بە ڕاست دابنێت ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە جولەکە بە درۆ وفێڵکردنەوە بەناوبانگن، وبە تایبەتی درۆکردن بە ناوی ئاینەوە، بۆیە دەرچوون وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە وعائیشە ئەو باسەی بۆ گێڕایەوە کە ئافرەتە جولەکەکان باسیان کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوان ڕاستیان کرد؛ مردووەکان لە ناو گۆڕەکانیاندا سزا دەدرێن بە سزایەک کە ئاژەڵەکان گوێیان لێدەبێت، وعائیشە باسی ئەوە دەکات پاش ئەم باسە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاش هەموو نوێژێک پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە سزای گۆڕ.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee